

سابات

**من دەمەوێت و تۆ هەرگیز ناتەوێت**

من هەڵەم ئەوکاتانی دەمەویت هەموو دونیا لە تۆ دوور بخەمەوە
روحم بخەمە فەرشی بەر پێت و
تۆش بە هەموو دڵـــە رەقەی خۆتەوە هەنگاوی بەسەر دابنێ
من هەڵەم هەرچەند تۆ دەم شکێنیت من هەر دێمەوە
دەمەوێت لە شـــوێنک روخساری فریشتە ئاسای تۆ بەبینم
هەموو جاریش تۆ چەشنی بیابانێکی ووشک و بێ ڕەحم دەردەکەویت
تۆ ئەو خۆرەی هێندی رووخسار و ناخم دەسوتێنی
هێندە ژیان بە بەر لاشەی مردووم نادەیتەوە
هێندەی پەتی سێدارە بۆ ووشەکانم دادەمەزرێنیت
هێندە ئیلهام بەخش نیت بۆ من ....
من هەمیشە لام وایە تۆ چەشنی ئاوی کانی سازگاریت
بەلام کە ئەتخۆمەوە لە سوێری ئاوی دەریاکان دەجیت
هەموو جار دەڵێم ئیتر من تۆم ناسی
بەلام دووبارە بە شوین هەنگاوکانت ویل دەبمەوە
تۆش برین لە ســەر دڵـم نوێ دەکەیتەوە
دواتر پێم دەڵێ دەزانی تۆ سنورت بەزاند...
من هەڵەم هەمیشەش هەڵەکانم دەکەمەوە
تۆم خـــوشدەوێت و تۆش لات وایە ئەوە بەلای سەر گیانتە
من دەمەوێت ســـوژدەت بۆ بەرم تۆش لە نوێژەکانم بەستیت
من دەمەوێت و تۆ هەرگیز ناتەوێت
چەشنی هیلی تەریبین من هەرچەند دەمەوێت
لە خالێکدا یەکتر بەبرین تۆ هەرگیز ناتەوێت.

هەولێر
سابات